## پەروەردەی كفری كچە موستەشارێک لەنزیک شار دادەمەزرێنی ... هەوار گەرمیانی

خۆ ئەوە ڕوونە لەسایەی ئەم دەسەڵاتانەدا چی گەندەڵی دەكری وناكری بەرپرسان خۆیانی لی گێل دەكەن و بگرە بەردەوام هاندەری گەندەڵین، لەم كارەیاندا هەر هاوڵاتی قوربەسەر دەبێتە قوربانی، ئەم حیزبانە ئەوەندە بەحەماسن بۆ گیرفانی خۆیان ئەوەیان بیر چۆتەوە بەڵكو لەبیری خەڵكیشیان بردۆتەوە كەبەعس حیزبێك بوو بەردەوام ژەهری دەرخواردی كورد دەدا و جاش و موستەشاریش یەكێك بوون لەو جۆرە كەسانە كە مێژوویەكی پڕ گەندەڵیان هەیە بەهۆی خزمەتكردنی بەعسەوە لەمەش تێپەڕی ئیستا جاران بیانوتایە ئەوە موستەشارە یاخود ئامرسریەیە یەكسەر تاوانەكانی بەعس و تەعەدا كردنی شەرەفی خەڵكی و كوشتنت بیر دەكەوتەوە، بەڵام ئیستا سەردەمەكە گۆڕاوە و موستەشارو جاشەكان هەر لەخۆتەوە بیانبینی كەشخەن و بزكەی سمێڵیان دی و بەردەوام لەدەوروبەری گەندەڵ چیەكان كۆبونەتەوە، نازانم چی زەمەنێكە ئێستاش موستەشارەكان هەمان كەسانن و كەسو كارو منداڵەكانیان لەهەمان نازوو نیعمەتی جاراندان، وقوربەسەرێكی پاشماوەی ئەنفالیش دەبینی ئەوەی خزمەت بێت پێوە نابینری، خۆ ئەوە كاتی تەعینات ئەوە هەر باسی مەكە، ئیستا و لەسنووری شاری كفریدا پەروەردە زیاتر لە دەزگاكانی تر تووشی گەندەڵی و داڕووخانی ئەخلاقی و یاسای بووە چونكە زۆربەی كارمەندەكانی و بەتایبەتی بەرپرسەكەی یەكێكە لەفایلدارەكان وەلحاڵ كاتێكیش دێتە سەر تەعین كردن ئەوە كاسە منداڵە موستەشارەكان وەكو هەمان كاسەی سەردەمی بەعس چەورە، و بەڵگەشمان لەم چەند ڕۆژانەی دوایدا كچێ بەناوی (ب) كە باوكی موستەشارێكی تۆخبووە و خزمەتی بەعسی كردووە كەچی كچەكەی لەدێیەكی زۆر نزیكی كفری تەعین دەكری و بگرە دییەكە وەكو گەڕەكێك وایە لەشاری كفری، لەولاشەوە كەسانی موستەحەق و خاوەن ئەنفال و شەهید دەنێردرێن بۆ دێیەكی زۆر دوور بەداخەوە تاكەی پەروەردەی سنووری گەرمیان و كفری بەتایبەتی لە خزمەتكردنی پاشماوەكانی بەعس و موستەشارەكان ناكەوی.